دەستوورمان وابوو لە پاش پاکبوونەوە لە بێنوێژی: لێڵاو وزەرداومان بە هیچ دانەدەنا (گوێمان پێی نەدا)

لە دایکی عەتیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ دەڵێت: «(دەستوورمان وابوو لە پاش پاکبوونەوە لە بێنوێژی: لێڵاو وزەرداومان بە هیچ دانەدەنا (گوێمان پێی نەدا)».
[(سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود بهذا اللفظ ورواه البخاري بدون زيادة (بعد الطهر)]

هاوەڵی بەڕێز دایکی عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئافرەتان لەسەردەمی پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- ؛ پاش بینینی پاکبوونەوە لە سووڕی مانگانە، ئەو ئاوەی لە ئەندامی زاوێی ئافرەتەوە دەردەچوو -کە ڕەنگی مەیلەو ڕەش یان زەردە- گوێیان پێی نەئەدا و بە سووڕی مانگانە حسێبان نەدەکرد ، بۆیە وازیان لە نوێژکردن وڕۆژگرتن نەدەهێنا بەهۆی ئەم ئاوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10014